ژمارەی مۆڵەت ١

زنجیرە ڕێنماییەکانی دێرین   ژمارە ٨١



کۆمەڵێك ئادابی شەرعی

ئادابی پێنجەم

ئادابەکانی مزگەوت

نووسین و ئامادەکردنی

م. هەڵگورد مصطفی گەلاڵەیی

چاپی یەکەم ١٤٣٧ی کۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .

ئادابەكانی مزگەوت

١) **خۆ ئامادەكردن بۆ مزگەوت** : بە پاك و خاوێنی و دەست نوێژ گرتن و لەبەر كردنی پۆشاكی جوان و پاك ، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ الأعراف : ٣١ . واتە: ئەی نەوەی ئادەم خۆتان برازێننەوە بە پۆشاك لەبەر كردن و پاك و خاوێنی لەكاتی هەموو نوێژ و چوونە ناو مزگەوتێكدا .

٢) **خوێندنی دوعای ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت**: سوننەت وایە لەكاتی ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت ئەم دوعایە بخوێنی: ﴿اللّهُمّ اجْعَلْ فِي قَلْبِي نُورًا وَفِي لِسَانِي نُورًا وَاجْعَلْ فِي سَمْعِي نُورًا وَاجْعَلْ فِي بَصَرِي نُورًا وَاجْعَلْ مِنْ خَلْفِي نُورًا وَمِنْ أَمَامِي نُورًا وَاجْعَلْ مِنْ فَوْقِي نُورًا وَمِنْ تَحْتِي نُورًا اللّهُمّ أَعْطِنِي نُورًا﴾.

٣) **ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت بە ڕۆیشتنێكی مامناوەند و ڕێزەوە** : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿إِذَا سَمِعْتُمْ الْإِقَامَةَ فَامْشُوا إِلَى الصَّلَاةِ وَعَلَيْكُمْ بِالسَّكِينَةِ وَالْوَقَارِ ، وَلَا تُسْرِعُوا فَمَا أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا، وَمَا فَاتَكُمْ فَأَتِمُّوا﴾ أخرجه البخاري ومسلم . واتە: ئەگەر گوێبیستی قامەتی نوێژ بوون بەرەو نوێژ بەڕێ بكەون و بەشێوەیەكی لەسەرخۆ و ڕێزەوە نەكەن خێرا بڕۆن , ئەگەر بە نوێژ گەیشتن ئەوە نوێژەكەتان بكەن ، وە ئەگەر (هەموو یان بەشێكتان لە نوێژ) لە دەست چوو دوای سەلام دانەوەی ئیمام نوێژەكەتان تەواو بكەن .

٤) **نەخستنی پەنجەكانی هەردوو دەست بەناو یەكتر دا** لەكاتی ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت هەتا ئەو كاتەی دەگەڕێنەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَأَحْسَنَ وُضُوءَهُ ثُمَّ خَرَجَ عَامِدًا إِلَى الْمَسْجِدِ فَلا يُشَبِّكَنَّ يَدَيْهِ ، فَإِنَّهُ فِي صَلاةٍ) رواه أبو داود (٥٦٢) وصححه الألباني في صحيح أبي داود . واتە: ئەگەر یەكێك لە ئێوە بەشێوەیەكی جوان و ڕێك و پێك دەست نوێژی گرت، پاشان لە ماڵەوە دەرچوو بەرەو مزگەوت ئەوە با پەنجەكانی هەردوو

دەستی نەخات بەناو یەکەوە چونکە ئەو بەڕاستی هەر لەناو نوێژدایە .

٥) **نەچوونە مزگەوت بەبۆنی ناخۆش وەکو بۆنی سیرو پیاز و** جگە لەمانەش کە بۆنیان ناخۆشەو موسوڵمانان بەهۆیەوە ناڕەحەت دەبن ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿ مَنْ أَكَلَ ثُوماً أَوْ بَصَلاً فَلْيَعْتَزِلْنَا ، ولِيَعْتَزِلْ مَسْجِدَنَا ، وَلْيَقْعُدْ فِي بَيْتِهِ﴾ صحيح الجامع : ٦٠٨٤ . واتە : هەرکەسێك سیری خوارد یان پیازی خوارد با لە ئێمە و مزگەوتمان جیا ببێتەوە و لەماڵەوەی دابنیشێت .

تێبینی: نابێت خواردنی سیر و پیاز بەردەوام بکرێتە هۆکاری نەچوون بۆ مزگەوت و لە دەست دانی نوێژی جەماعەت ، هەر کەسێك سیر و پیاز بخوات بۆ ئەوەی نەچێتە نوێژی جەماعەت ئەوە دروست نیە، چونکە دەتوانرێت لەکاتێکی تردا بخورێت و نوێژی جەماعەتی لەسەر نەفەوتێنرێت .

٦)**دوعا کردنی چوونە ناو مزگەوت :** سوننەت وایە لەکاتی چوونە ناو مزگەوت ئەو دوعایە بخوێندرێت: ﴿بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله آللّهُمَ آفتَحّ لي آبوآبّ رَحَمّـتِك﴾ واتە: بەناوی خوا دەچمە ناو مزگەوتەوە دروودو سەلام لە نێردراوی خوا ، خوایە دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم لێ بکەوە .

٧) **سوننەت وایە بە پێی ڕاست بچیتە ناو مزگەوتەوە ، وە بە پێی چەپ بێیتە دەرەوە :** ئەنەسی کوڕی مالك (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ﴿ مِنَ السُّنَّةِ إِذَا دَخَلْتَ الْمَسْجِدَ أَنْ تَبْدَأَ بِرِجْلِكَ الْيُمْنَى، وَإِذَا خَرَجْتَ أَنْ تَبْدَأَ بِرِجْلِكَ الْيُسْرَى﴾ السلسلة الصحيحة : (حسن) : ٢٤٧٨ . واتە: لە سوننەتەوەیە ئەگەر چویتە ناو مزگەوت پێی ڕاستت پێش بخەیت , وە ئەگەر چویتە دەرەوە پێی چەپ پێش بخەیت .

٨) **ئەنجام دانی دوو ڕکەعەت نوێژی (تحية المسجد) پێش ئەوەی دابنیشیت :** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمْ الْمَسْجِدَ فَلا يَجْلِسْ حَتّى يُصَلِّيَ رَكْعَتَيْنِ﴾ صحيح الجامع : ٥١٣ . واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە چووە ناو مزگەوت با دانەنیشێت هەتا دوو ڕکەعەت نوێژ نەکات .

٩) **زوو ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت و بە دەست هێنانی ڕیزی یەکەم :** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

ئەگەر بزانن چەند خێر و پاداشت هەیە لە ڕیزی یەکەمی نوێژ دا ئەوە بە قورعە کردنیش بوایە بە دەستتان دەهێنا ، وە فەرموویەتی ئەگەر بتان زانیایە چ پاداشتێك هەیە لە زوو ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت ئەوە پێش برکێتان لەسەر دەکرد .

١٠) سوننەت وایە ئەو کەسانە لە دوای ئیمام بوەستن کە قورئانیان لەبەرەو شارەزان لە شەرعدا .

١١) ڕاست کردنی ڕیزەکانی نوێژ و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿حَاذُوا بَيْنَ الْمَنَاكِبِ ، وَسُدُّوا الْخَلَلَ ، وَلِينُوا بِأَيْدِي إِخْوَانِكُمْ ، وَلا تَذَرُوا فُرُجَاتٍ لِلشَّيْطَانِ ، وَمَنْ وَصَلَ صَفًّا وَصَلَهُ اللَّهُ، وَمَنْ قَطَعَ صَفًّا قَطَعَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلّ﴾ صحيح الجامع : ١١٨٧ . واتە : شانەکانتان بخەنە ڕاستی یەك و بۆشاییەکانی ڕیزتان پڕ بکەنەوە و نەرم و نیان و گوێڕایەڵی براکانتان بن لە ڕاست کردن و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان ، نەکەن بۆشاییەکانی ڕیز بۆ شەیتان جێ بهێڵن ، هەر کەسێك ڕیزێك بگەیەنێت بە یەك ئەوە خوای گەورە ڕەحمی پێ دەکات ، وە هەرکەسێك ڕیزێك بپچڕێنێت ئەوە خوای گەورە ڕەحمی خۆی لێ دەپچڕێنێت .

١٢) دەرنەچوون لە مزگەوت لە دوای بانگ بەبێ عوزری شەرعی : ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) جارێکیان پیاوێکی بینی لە دوای بانگ لە مزگەوت دەرچوو فەرمووی ئەم پیاوە سەرپێچی باوکی قاسمی کرد ﷺ .

١٣) نەڕۆیشتن بە بەردەم نوێژ خوێن : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەوەی بە بەردەم نوێژ خوێن دا دەڕوات ئەگەر بزانێت چەند گوناهی لەسەرە ئەوە بە ئەندازەی (چل ڕۆژ- یان - چل مانگ - یان چل ساڵ) بوەستایە بۆی باشتر بوو لەوەی بە بەردەمی دا بڕوات .

١٤) بانگ هێشت نەکردن بۆ شتە وون بووەکان .

١٥) لەکاتی هاتنە دەرەوە لەمزگەوت ئەم دوعایە بخوێنە : بِسمِ اللهِ وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلى رَسولِ اللهِ ، اللّهُـمَّ إِنّـي أَسْأَلُكَ مِـنْ فَضْـلِك ، اللّهُـمَّ اعصِمْـني مِنَ الشَّيْـطانِ الرَّجـيم.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

٨/ ذو القعدة ١٤٣٧هـ ـــــ ٢٠١٦/٨/١١م - سۆران

لە بڵاوکراوەکانی پەرتوکخانەی دێرین – سۆران - ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠